هێز ئەمنییەکانی پارتی ڕەگری لە مامۆستایانی ناڕازی سلێمانی دەکەن خۆپیشاندان لە هەولێر ئەنجامبدەن

بەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە، بەشێک لە مامۆستایانی مانگرتوو و ناڕازی بەرەو شاری هەولێر بەڕێکەوتن بۆ گەیاندنی دەنگیان و بەیاریان دابوو لەبەردەم ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێم خۆپیشاندان بکەن.

بەڵام لە بازگەکانی سنووری پارێزگای هەولێری پایتەخت و لەلایەن هێزە ئەمنییەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ڕەگریان لێکرا و ئومێد خۆشناو، ئەندامی پارتی و پارێزگاری هەولێر لە لێدوانێکی بە ڕۆژنامەوانان بەیانی ئەمڕۆ یەکشەممە گوتوویەتی: "هەولێر تاقەتی نییە پێشوازی لە میوانی ڕەزاگران بکات و پێشوازی لەو جۆرە کەسانە بکات"، ئەوەش وەک ئاماژە بە مامۆستایانی ناڕازی سلێمانی کە بەیاربوو درێژە بە ناڕەزایەتییەکانیان بدەن و بەرەو هەولێر بڕۆن، بە داواکردنی مافەکانیان و چارەسەری ڕیشەیی بە کێشەی مووچەو شایستە دارایییەکانیان.

ئەمەش لەکاتێکدا، ماوەی 13 ڕۆژە مامۆستایانی سلێمانی مانیان لە خواردن گرتووە و تەندروستی هەندێکیان خراپە و بەردەوامن لە خۆپیشاندان.

ئەم خۆپیشاندانانە و ناڕەزایەتیی کە دژی حکومەتی هەرێم بەڕێوەدەچێت، بەهۆی وەرنەگرتنی شایستە دارایییەکانی مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەرێمە کە تا ئێستا کابینەی نێوەی حکومەتی هەرێم مووچەی مانگی دوازدەی ساڵی ڕابردوو و بەشێک لە مووچەکانی مانگی یەکی ئەمساڵ دابەش نەکردووە و

خەپشاندەران داوا دەکەن کۆشکانیان بە ڕیشەیی چارەسەر بکرێت و کۆتایی پێبێت.

هاوکات، ماوەی 13 ڕۆژە چەندین مامۆستای نارازی لە پێنەدانی مووچەو شایستە دارایییەکانیان لە سلێمانی مانیان لە خواردن گرتووە، مامۆستایانی نارازی دەڵێن، "سوورن لەسەر مانگرتن تاوەکو دەگەن بە ئامانجەکانیان".

لەلایەکی ترەوە، چەند ڕۆژێک لەمەوبەر لە هەولێری پایتەخت، مامۆستا عەلی ڕئووف مستەفا، نوێنەری گشتی مامۆستایانی گرێبەست لەلایەن ئاسایشی هەولێر دەستگیرکرا، دوای ئەوەی داوای کردبوو خەپشاندان لە هەولێر و دهۆک دژی حکومەتی هەرێم بکەوێبچێت بەهۆی پێنەدانی شایستە دارایییەکانیان.

لەلایەکی ترەوە ئەد. سەباح هەورامی، بەڕێوەبەری گشتی تەندروستی سلێمانی ڕۆژی هەینی لە 11هەمین ڕۆژی مانگرتنی مامۆستایان هەشداری لە دەخی تەندروستی مانگرتووان دا و دەڵێت: "لەمەوە دەخیان پێ دەنێتە باری مەترسیدارەوە".

بەڕێوەبەری تەندروستی سلێمانی ڕایگەیاندووە، لەمەوە قەناغێکی تری تەندروستی مانگرتووان دەستپێدەکات، کۆشیان دادەبەزێت، هەموو ئەرگانەکانی لەشیان ڕوو لە لاواز بوون دەکات.

لەکاتێکدا تا ئەمە یەکشەممە 9ـی 2ـی 2025، حکومەتی کابینەی نۆیەمی ماوە بە درێژکراوی هەرێمی کوردستان مووچە و شایستە دارایییەکانی مانگەکانی 12ـی 2024 و مووچەی بەشک و فەرمانبەرانی مانگی 1ی 2025 دابەشنەکردووە، لەکاتێکدا ڕۆژی سەشەممەی ڕابردوو وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێم و وتەبێژی حکومەت وەرگرتنی بڕی 958 ملیار دینار بە پێدانی مووچەخۆرانی مانگی 1 لە وەزارەتی دارایی عێراق ڕاگەیاند.

هەرچەندە نەچیرڤان بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان داوای لە مامۆستایانی سلێمانی کردبوو کە واز لە خەپشاندان و مانگرتنیان بێنن و دەڵێت: "کۆشی مووچە چارەسەرکرا"، بەڵام هیچ کردارێکی جددی لەوبارەیەوە بە مامۆستایانی سلێمانی و کوردستان نەکراوە و تا ئێستا مامۆستایان و فەرمانبەرانی هەرێمی کوردستان مووچە و شایستە دارایییەکانی دوو مانگی پێش ئێستایان وەرنەگرتووە.

تا ئەمە یەکشەممە، ماوەی 13 ڕۆژە خەپشاندان و مانگرتنی مامۆستایانی شاری سلێمانی بەردەوامە.